www.kurdistannet.org
1-3-2007 23:07 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## بارزانی سونبلی نەتەوەی کورد ... جەمال فەتاح



گەلانی ژێردەستەو شۆڕشگێڕ وئازادی خواز خاوەنی ڕابەرو سەرکردەی نەتەوایەتی خۆیانن؛ کوردیش بەپێی سروشتی پارچە پارچە بوون وبەشبەش بوونی نیشتمانەکەی بووەتە خاوەنی چەند ڕابەروسەرکردەیەک لەهەموپارچەکانی کوردستاندا. یەکێ لەسەرکردە گەشاوەو دیارەکانی نەتەوەی کورد مستەفابارانی هەرگیز نەمرە؛بۆیە پێمباشە هەندێک لەخەبات وئاکاری بەرزی شۆڕشگێڕانەی ئەو سەرکردە مەزنە بۆخوێنەران باس بکەم لەیادی28 هەمینساڵیادی کۆچی دوایی مستەفا بارزانی نەمردا کە 3/1هەرساڵێک یادی کۆچی دوایی ئەو سەرکردە جەربەزەو دوژمن بەزێنەیە.

بارزانی نەمر لەبەرواری 1903/3/14 هاتووەتە ژیانەوەو هەتا1979/3/1 ژیاوە؛لەتەمەنی 17 ساڵیدا هاتووەتە ناو ڕیزی بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کوردەوەو بەسەرکردایەتی هیزێکی 300 پێشمەرگەیی بەشداری لەشۆڕشی شێخ مەحمودی نەمردا کردووە؛56 شەش ساڵی بەردەوام لەدژی داگیرکەرانی کوردستان لەشۆڕشدا بووە؛ سەرکردایەتی شۆڕشی یەکەم ودووەمی بارازانی کردووە لە سالی 1933 بۆ 1945دا؛ پاشان 1945 بۆ1947 بەشداری لەکۆماری مهاباد دا کردووە پاشان وەکو سەرکردەیەکی قارەمان سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلولی مەزنی کردووە لەساڵی 1961 بۆ ساڵی 1975 وەلە بەرواری 1976/5/26دا هەر بەسەرکردایەتی بارزانی نەمروفەرمانی ڕاستەو خۆی ئەو سەرکردە نەمرە شۆڕشی گوڵانی نیشتمانی پێشکەوتنخواز دەستی پێکردەوە بۆ درێژەدان بە ئامانجو ڕێبازی شۆڕشی ئەیلولی مەزن.

بارازانی وجەربەزەیی وقارەمانیەتی..

دیارە عەشیرەتی سەربەرزی بارزان بەگشتی وبنەماڵەی بارزانی بەتایبەتی هەردەم نمونەی جەربەزەیی وقارەمانیەتی بوون وە هەردەم چەکوشی ئامادەی کورد بوون لەبەرانبەری ستەمی داگیر کەراندا وە هێزێک بوون لەهەر گۆشەیەکی ئەم نیشتمانەدا هێرش بۆسەر ڕۆڵەکانی کورد کرابێت ئەو هێرشە بەجەر بەزەیی ولەخۆبردوویی عەشیرەتی بارزانی سەربەرز بەر پەرچ دراوەتەوە وهاوکاری گیانی وماڵی وورەیی عەشیرەتی بارزان وپێشمەرگە قارەمانەکانی بارزانی بۆ شۆڕشو ڕاپەڕینەکانی هەمو پارچەکانی کوردستان هەردەم دەستە بەر بووە. بۆیە بارزانی نەمریش جەر بەزەو چاونەترس بوو چونکە کوڕی ئەو عەشیرەتە جەر بەزەو شۆڕشگێڕەیەو لەبنەماڵەیەک پەروەردە ببوو کە سەرکردایەتی ئەو عەشیرەتە نەبەردەیان ئەکرد؛ لەلایەکیتر بارزانی نەمر ئەزمونێکی زۆری لەسەر کردایەتی شۆڕش ولە جەنگی پارتی زانی ولەجەنگی سەنگەردا هەبوو چونکە پێش ئەوەش لەڕێگای کۆماری مهادەوە بچێتە باکۆ بۆکۆلیجی سەر بازی یەکێتی سۆڤیەتی جاران ولەوێ پلەی جەنراڵی وەربگرێت بارازانی نەمرسەرکردایەتی هەردوو شۆڕشی یەکەم ودووەمی بارازانی کردبوو وەشارەزاییەکی تەواوی هەبوو لەجەنگ ودەستکردنەوە دا بۆیە پاش تەواوکردنی کۆلیجی سەر بازی باکۆ لەیەکێتی سۆڤیەتی جاران ئەزموونەکانی مستەفابارزانی نەمر چونە قۆناخێکی ئەکادیمی وبووبە خاوەنی ئەزمونێکی فراوانی سەر بازی ئەکادیمیستانە کەبەر چاو ڕوونی تەواوی هەبوو بۆگشت بەرگری کردنێک لەدوژمنانی نەتەوەی کورد کەئەیانکردە سەر نیشتمانی کورد لەگشت پارچەکانی کوردستاندا؛وە ئەو ئەزموونە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

فراوانەی بارزانی نەمر لەشۆڕشو دەستکردنەوەکاندا هەرچی زیاتر ئازایەتی وقارەمانیەتی بەخشیبووە مستەفا بارزانی هەرگیز نەمر بۆیە لەگشت شۆڕشەکاندا بەدەستی خۆی وڕاستەو خۆ سەرپەرشتی زۆر بەی جەنگەکانی ئەکرد بەپێچەوانەی بیروتێڕوانینی هەر سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ کەتەنها فەرمانیان دەر ئەکرد ولەدوورەوە ئاگاداری جەنگو بەر گریکردن بوون؛ بۆیە بارزانی باتاکە سەرکردەی قارەمان وجەربەزەی کورد دێتە ژماردن بەدرێژایی سەدەی ڕابردوو.

بارزانی ودبلوماسیەتی شۆڕش..

مستەفا بارزانی نەمر سەرکردەیەکی ناسراوی کورد بوو بەدرێژایی گشت شۆڕشەکان هەوڵیداوە دەنگی کوردو شۆڕشەکەی تەنها لەچوار چێوەی کوردو کوردستاندا قەتیس نەبێت بۆیە جگە لەوڵاتانی ناوچەکە وڵاتانی دەرەوەی ناوچەکەش هەردەم بایەخیان بەشۆڕشی کورد داوە لەژێر سەرکردایەتی بارزانیدا بۆیە ساڵانەو بەدرێژایی شۆڕش دەیان وەفدی جیاجیا لەوڵاتانی جیهانەوە ئەهاتنەلای سەرۆک بارزانی ولەدەنگوباسی شۆڕشیان ئەپرسی بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا وهەر وەها لەڕێگای ئەو وەفتانەوە جگەلەوە پەیوەندی دبلوماسیەتی شۆڕش ووڵاتانی دروست ئەبوو دەنگوباسی شۆڕشی کوردیشیان بۆ جیهانی دەرەوە ئەگەیاند وەباسو خواسی گەلی ستەم لێکراوی کوردیان لەزاری بارزانیەوە بەگوێ خەڵکی جیهان ڕائەگەیاند ؛هەروەها بەدرێژایی شۆڕشی ئەیلولی مەزن دەنگوباسی شۆڕشی کورد بەسەرۆکایەتی مستەفا بارزانی نەمر هەردەم لەسەر ڕاگەیاندنەکانی ئەوروپاو ئەمریکاوە باسوخواسی لەسەر ئەکرا بەتایبەتی ڕادیۆی بیبی سی ودەنگی ئەمریکاو ڕۆژنامەکانی ئەوروپاو ئەمریکا بەگشتی؛ ئەمانەش وایان ئەکرد کەدەنگی ستەم لێکراوی نەتەوەکەمان بەگوێی جیهان بگات وە مستەفا بارزانی هەردەم وەک سونبلێکی نەتەوایەتی کورد لەئۆرژانسەکانی نێودەوڵەتیدا باسی لێئەکراو خەڵکانی ڕۆشنبیرو پسپۆڕانی ڕاگەیاندنەگرنگەکانی جیهان وسیاسەت مەدارە بەناو بانگەکانی جیهان بایەخیان بەبارزانی نەمرو شۆڕشی نەتەوایەتی کورد ئەدا لەڕێگای ڕاگەیاندنەگرنگەکانی جیهان وبەسەر هاتی خۆیانەوە باسوخواسی پێویستیان لەسەر بازانی وشۆڕشی کورد ئەکرد ؛بۆیە ئێستاش لەچەندین پەڕتووک ودیکۆمێنتی گرنگی دەسگا ڕاگەیاندنەگرنگەکانی جیهان ولەچەندین پەڕتووکی بەناوبانگی ڕۆشنبیرو نوسەرە گەورەکانی جیهانی سەردەمدا ناو ناوبانگی مستەفا بارزانی نەمرو شۆشی کوردو چەوسانەوەی نەتەوەی ستەم لێکراوی کورد پێکەوە هاتووەو تۆمارکراوە ؛بۆیە مستەفا بارزانی نەمر تاکەسەرکردەی نەتەوەکەمانە کەلەڕێگای قارەمانیەتی ولەخۆ بردوویی وسیاسەتی حەکیمانەو دبلوماسیەتوگیانی شۆڕشگێڕانەی خۆیەوە نەتەوەی ستەملێکراوی کوردو شۆڕشی نەتەوایەتی کوردی بەجیهان ناساندووە.

بارزانی وگیانی نەتەوایەتی...

بارازنی نەمر لەماوەی زیاتر لە50 ساڵی خەباتیدا جیاوازی نەکرد لەنێوان پارچەیەکی کوردستان لەگەل پارچەیەکیتری کوردستاندا چونکە هەردەم لەفەرمایشتەکانیدا بۆهێزی پێشمەرگەو کادرانی شۆڕش دوپاتی ئەوەی ئەکردەوە کە کوردستان یەک پارچەیەو ئەم سنورانە دەستکردی دوژمنانیەتی بۆیە نابێت جیاوازی بکەین لەنێوان هیچ پارچەیەکی کوردستاندا چی بۆتێڕوانینمان بۆکورد چی بۆبەرپەرچدانەوەی دوژمنانی نەتەوەکەمان؛وەبارزانی نەمرو پێشمەرگەقارەمانەکانی بەکردەوە ئیسپاتیانکردووە کە جیاوزی لەنێوان هیچ پارچەیەکی کوردستاندا نەکردووە نمونەشمان پشگیری تەواوی نەتەوەی کورد بووە لەگشت پارچەکانی کوردستاندا وەپارچەی کوردستان نەماوە خوێنی بارزانی وپێشمەرگەقارەمانەکانی بارزانی لێنەڕژابێت یان دوژمنی کورد نەماوە گوێبیستی هەڕەشەی بارزانی نەمر نەبووبێت لەسەر مافەنەتەوایەتیەکانی کوردو چەوسانەوەی کورد؛ لەشۆڕشی ئەیلولی مەزندا بەشای ئێرانی وت ئەگەر دەست لەکارو باری شۆڕشی کورد وەر بدەن ئامادەم بەبەیانێک شۆڕش

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەباشوری کوردستان ڕابگرین وشۆڕش لەکوردستانی خۆرهەڵات بەشی داگیرکراوی ئێران بکەین بۆیە شای ئێران دوای ئەو هەڕەشەی بارزانی وتی ئێمە نۆکەرتانین سەرنجو فەرمانی بارزانی لەلای من ڕەواو بەجێیە؛ئەم ڕووداوە لەساڵی 1965 دا بوو کەبەشێک لەشۆڕش جیا بووبوونەوە وشا ئەیویست بەرانبەر شۆڕش بەکاریان بێنێت.

بۆیە هیچ پارچەیەکی کوردستان بۆبارزانی هیچ جیاوازیەکی نەبووە وەبست بەبست خاکی ئەم نیشتمانەی وەکویەک لەلا پیرۆزبوو بەبێ جیایی کردن لەنێوان کوردێکو کوردێکیتر.

بارزانی نەمرو کەرکوک..

دیارە بەدرێژایی شۆڕش لەباشوری کوردستاندا شەڕهەردەم لەسەر کەرکوک وناوچەداگیرکراوو بەعەرەب کراوەکانی کوردستان بووە لەسەروی هەموشیانەوە شاری کەرکوکی دڵی کوردستان بۆیە هەردەم کەرکوک لەلای بارزانی نەمر بایەخی خۆی هەبوو بەسەدامی وت کەرکوک دڵی کوردستانە هەرکاتێک مرۆڤ توانی بەبێ دڵ بژی ئەوسا کوردستانیش ئەتوانێت بەبێ کەرکوک بژی؛ هەروەها سەدام وتی من ئەڵێم کەرکوک کوردستان نیە بارزانی وتی من پێت ئەڵێم کەرکوک دڵی کوردستانە بەڵام ئێوە داگیرتانکردووە ئەگەر توانیمان لەچاوتان دەری ئەهێنین ئەگەر ئێمەش نەمان توانی بابەداگیرکراوی بمێنێتەوە ڕۆڵەکانی کورد لەئایندەدا لێتان وەر ئەگرنەوە بەڵام گرنگ ئێوە خاوەنی کەرکوک وهیچ بستێکیتری کوردستان نین.

بۆیە لەساڵی 1974 دا بارزانی نەمر شۆڕشی ئەیلولی مەزن و پارتی دیموکراتی کوردستانیشی کرد بەقوربانی کەرکوک وناوچە داگیرکراوو بەعەرەب کراوەکانی کوردستان؛ چونکە ئەگەر بەوئۆتۆنۆمیە کلکوگوێ کراوەی بەعسیەکان ڕازی بوایە کەکەرکوک وناوچەکانیتری لەکوردستان دابڕیبوو ئەوە نەشۆڕش دەڕووخاو نە کورد تووشی نەکسەی ساڵی 1975 ئەبوو بۆیە بارزانی نەمر شۆڕش وپارتی کردە قوربانی بۆکەرکوک وناوچەداگیرکراوەکانیتر.

ئەمانەی سەرەوە چەند پەڕێک بوون لەگوڵێکی گوڵزاری خەباتو لەخۆبردووی مستەفا بارزانی نەمر.

هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی سەرۆک مستەفا بارزانی نەمرو ڕۆڵەی قارەمان وهەمیشە زیندوی بارزانی کاکە ئیدریس بارزانی نەمر..

لەندەن
2007/3/1

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.